# شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، بست بە بست، وباڵ بە باڵ،

له ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، بست بە بست، وباڵ بە باڵ، هەتا ئەگەر ئەوان بچنە ناو کونی زەبەوە-بزن مژەوە- ئێوەش شوێنیان دەکەون»، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، جولەکە ونەسڕانیەکان؟ فەرمووی: «ئەی کێ؟ (واتە: بەڵێ، ئەوان)».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی حاڵی هەندێك خەڵك دەكات له ئومەتەکەی ؛ لەپاش سەردەمی ئەو، ئەویش ئەوەیە شوێنی ڕێبازی جولەکە وگاوڕەکان دەکەون لە بیروباوەڕ وکردەوە وخوو وکلتوورەکانیان بەشێوەیەکی زۆر ورد ؛ بست بە بست، وباڵ بە باڵ، تەنانەت ئەگەر ئەوان بچنە نێو کونی زەبەوە-بزن مژە- ئەمانیش شوێنیان دەکەون.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3355

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee